# هۆڵی هیجری دەدە

# کەرکوك یادی یەڵماز گۆنای دەکاتەوە

له (۲۲)هەمین ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەندی کورد (یەڵماز گۆنای)، فیلمی (مێگەل) له هۆڵی هیجری دەدە نمایشکرا.

کۆمەڵەی هونەری دیجلەو تیپی شانۆی باوەگوڕگوڕ بەئامادەبوونی نوخبەیەك له روناکبیرانی کەرکوك دەستپێشخەری کردو یادی گۆنای له کەرکوك کردە دەرفەتێکی چاك بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پەیامی سینەمای کوردی و رێگاکانی بەردەمی.

بەر لەنمایشکردنی فیلمەکە هونەرمەند شکور ساڵەیی کورتەیەکی دەربارەی سینەمای کوردی و ئەو ئاستەنگانەی کە دێنەڕێی خستەڕوو، ئاماژەشی بەوەدا کە ئەمە بۆ یەکەمجارە لەشارێکی وەکو کەرکوکدا یادەوەرییەکی لەم شێوەیە ئەنجام بدرێت، ئەوەشی دووپات کردەوە بڕیارە لەداهاتوودا بەهاوکاری ستران عەبدوڵلا سەرۆکی دامەزراوەی خەندان هونەرمەندی مەزنی کورد بەهمەنی قوبادی بانگهێشتی هۆڵی هیجری دەدە بکەن و چالاکییەك بۆ نمایشکردنی فیلمەکانی ئەنجام بدەن. پاشان روناکبیر حەسەن ساڵح موحازەرەیەکی تێروتەسەلی دەربارەی ژیانو نەهامەتییەکانی ئەو هونەرمەندە مەزنە پێشکەشکردو تیشکی خستەسەر شێوازی کارەکانی گۆنای لەسینەمادا کە زیاتر پشت بەسینەمای نووسەر دەبەستێت و ئاشکراشە ئەم جۆرە سینەمایە لەڕووی تەکنیك و تەکنەلۆژیاوە لاوازەو راستەوخۆ پشت بەوێنەی کاریگەرو وروژێنەر دەبەستێت. سەرەڕای ئەوەش پاڵەوانی تاك رۆڵی سەرەکی لەم جۆرە فیلمانەدا نییەو سەرجەم کاراکتەرەکان پاڵەوانی جەماعین، پاش نمایشکردنی سیمینارەکە ئامادەبووان بوونە بەشێك لەو ووتەیەی گۆنای خۆی کە دەڵێت: "من دەمەوێ مرۆڤ بهەژێنم، چاوەڕێی ئەوەیان لێبکەم هۆڵی سینەما بە شڵەژاوی بەجێبهێڵن، نەوەك بە دڵخۆشی". ئەو ئێوارەیە بیرکردنەوە لە تراژیدیای مرۆڤ و ئەو رێوشوێنەی هونەری دەرهێنەری "رێگا" و"مێگەل" بۆ نمایشکردنی ئازارەکانی کورد دەیگرێتەبەر، سەرباسی ئەو یادە فەرهەنگییە بوو.

جێی ئاماژە پێکردنە کە یەڵماز گۆنای لە ساڵی ۱۹۳۷ لەگوندی (یەنجە)ی نزیك شاری (ئەدەنە) لە دایكو باوکێکی هەژارو جووتیار لە دایکبووە. لە ساڵی ۱۹۵۸ دا لە زانکۆی ئەستەمبوڵ- کۆلیژی ئابووری وەردەگیرێتو خوێندن تەواو دەکات. هەر لە منداڵییەوە لەڕێی سینەمای گەڕۆکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ جیهانی سینەمادا پەیدا دەکاتو دەبێتە هۆگرە ئاشقێکی سینەما. بەهۆی هەڵوێستو بیروباوەڕو بەرهەمە ئەدەبیو هونەرییەکانییەوە چەندین جار دەکەوێتە زیندانەوە. بە گشتی زیاتر لە (۱۲) ساڵ زیندانی کراوە.

لە بواری سینەمادا، لەڕووی سیناریۆ و نووسینو نواندنو دەرهێنانەوە بەشداری لە سەدان فیلمی سینەمایی کردووە، لەبواری ئەدەبیشدا، خاوەنی چەندین دەقی ئەدەبییەو چەندین کورتەچیرۆكو رۆمانی نووسیوە، لەوانە (چیرۆکێك بۆ کوڕەکەم)و (گەردنە پێچاوپێچەکان- رۆمان)و (ساڵبا- رۆمان)و (ئەوانەی مردن بێ ئەوەی سەردانەوێنن- رۆمان).

نزیکەی (١٦) جار خەڵات کراوە، گرنگترینیان وەرگرتنی خەڵاتی (چڵەدار خورمای زێرینی)ی ڤیستیڤاڵی (کان)ی نێودەوڵەتی بوو کە لە ساڵی (١٩٨٢) پێی بەخشرا.

لە رۆژی ١٩٨٤/٢/٢٤ دا لەگەڵ چەند رووناکبیرێکی ئاوارەی کورد لە پاریس ئەنیستیتۆی کوردیان دامەزراند.

لە رۆژی ١٩٨٤/٩/٩ کاتژمێر پێنجو نیو بە نەخۆشی (سیل) لە نەخۆشخانەیەکی پاریس دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێتو بۆ دواجار زیندانو سینەماو ژیان بەجێ دەهێڵێ و بەپێی ووتەی خۆشی لەسەر راستی لە نۆ گوندان دەرکراو، هەر بژی دەیەمین گوند.

